# بیۆگرافیای ژیانی جیل دۆلۆز

ئا: لوقمان رەئوف

–(18) نیایر/1925 لەخێزانێكی مامناوەند لەپاریس لەدایكبووه.
–لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا سەرقاڵی خوێندن بووه.
–لەسەردەمی داگیركردنی فەرەنسا لەلایەن نازییەكانەوه، جۆرج دۆلۆزی برا گەورەی ، بەهۆی بەشداریكردنی لەهێزی بەرگری فەرەنسادا دەگیرێت و لەكاتی گواستنەوەی كۆچی دوایی دەكات.
–(1944)دەچێت بۆ زانكۆی سۆربۆن و زۆرێك لەمامۆستا بەناوبانگەكانی فەلسەفە وانەیان دەوتەوه وەك (Gorg Canguilhem)، جان هیپولیت، فردیناد Alguie ، مۆریس دی Gandillac).
–(1948) كاریگەری كارەكانی سارتەرو aggregated لەكارە فەلسەفیەكانیدا دەركەوتن.
–(1953) لەزانكۆ دامەزرا.
–(1953) یەكەمین كتێبی بەناوی (ئەزمونگەریەتیو خودیەتی لەسەر هیوم) بڵاوبوویەوه.
–(1953–1957) وانەی لە(ئیسیز، ئەمیان، ئورلیان، لویس لوگراند) وتوەتەوه.
–(1956) بول دینیس فانی (Grandjouan)كردە هاوسەری خۆی.
–(1960–1964) لەبنكەی نیشتمانی بۆ لێكۆڵینەوەی زانستی كاریكردوه.
–(1962) نیچەو فەلسەفەی بڵاوكردوەتەوه.
–(1963) كتێبی (لۆژیكو واتا)ی بڵاوكردەوه.
–(1963) كتێبی (فەلسەفەی كانتی رەخنەیی) بڵاوكرەوه.
–(1964–1969) بوو بەمامۆستا لەزانكۆی لیۆن.
–(1966) كتێبی (برگسۆنی) بڵاوكردەوه.
–(1968) هەردوو نامەكەی (جیاوازیو دووبارەبوونەوه) كە (Gandillac) سەرپەرشتیدەكرد، لەگەڵ ئێزی (گوازشتیەتی لەفەلسەفەدا: سپێنوزا كە Alguie) سەرپەرشتیدەكرد بڵاوكردەوه.
–(1968) (جیابوونەوەو دووبارەبوونەوەی) بڵاوكردەوه.
–ساڵی (1969) لەزانكۆی پاریسی هەشتەم لەفینسین /سانت دینیس كەخویندنگەیەكی ئەزمونی بوو لەپێناو چاكسازی پەروەردەییدا كرابوویەوه، لەم زانكۆ نوێیەشدا ژمارەیەك زانای بەناوبانگی ئێدا بوو لەوانە فۆكۆ (كەپێشنیاری دامەزراندی دۆلۆزی) كرد لەگەڵ شرۆڤەكارێكی دەرونی (فیلیكس Guattri)، دامەزرا .
–تاساڵی (1987) لەم زانكۆیە مایەوه و لەم ساڵەدا خۆی خانەنشین كرد.
–(1970) كتێبی «قەڵاچوكردنی ئۆدیب»ی بڵاوكردەوه.
(1991) لەگەڵ فلیكس كارتی كتێبی (فەلسەفە چییە)یان بڵاوكردەوه.
–(1995/11/4) پاش دووچاربوون بەنەخۆشی سیەكان و (25) ساڵا ململانێ لەگەڵ ئەم نەخۆشیەدا ، توانای قسەكردن و نوسینی لاواز دەبێت، بەشێوازێك ئەنها شتێكی لاوەكیو وەك ئێبینی سەرلاپەرە دەینوسی، بۆیە دواجار لەپەنجەرەی شوقەكەیەوه لەپاریس خۆی فرێدەداتە خوارەوەو خۆی دەكوشت.